فەرماندەی گشتی: ڕێنمایی هێزە چەکدارەکانمان دەکەین کە بەئاگا بمێننەوە لەگەڵ ئەو پشێوی و ململانێیانەی ناوچەکەمان

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەمە، ڕێنمایی دا بە ڕێبەرانی هێزە چەکدارەکان کە بە وریایی بمێننەوە لەگەڵ ئەو پشێوی و ململانێیانەی ناوچەکە بەخێرەوە دەبینێت کە پێویستی بە وریایی و چاوکراوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی هەیە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیاندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەوەکەل وەرگرتووە ڕایگەیاند: "سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەمە، سەرپەرشتی مەراسیمی دەرچوونی خولی ئامادەکاری (٨٩)ی قوتابیانی کۆلێژی سەربازی چوارەمی کرد (خولی شەهیدانی حوسێن و ڕەزوان)، بەبۆنەی ١٠٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عێراق."

لەڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە ، "هەریەک لە وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و جێگری فەرماندەی ئەپەراسیۆنە هاوبەشەکان و سەرۆکی ئەکادیمیای سەربازی و فەرماندەکانی ئەپەراسیۆنەکان و ژمارەیەک لە فەرماندەی جەرە جیاوازەکانی سوپا و پێکهاتە سەربازی و ئەمنییەکان، لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی نەردە دیپلۆماسییەکان و پاشکۆ سەربازییە پەسەندکراوەکان لە عێراق ئامادە بوون."

هەروەها ئەوەیش هاتووە، "لەبەردەم سەکۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندا، تیمی قوتابیانی

کۆڵەژی سەربازی دەرچوو نمایش کرا، هاوکات ئاسمانی بەغداد نمایشی ناوازەی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی قارەمان و لێهاتوویی فڕۆکەوانە قارەمانەکانی بەخێوە بینی."

سەرۆك وەزیران لە وتێکدا جەختی کردەوە کە "سوپا کۆنەکەی سەرکیە لە دەوڵەتدا و ئەو دامەزراوەیە کە بەرگری لە بوونی دەکات لە بەرامبەر مەترسی و نەهامەتییەکاندا"، جەختیشی کردەوە لەسەر "ڕۆڵی سوپا لە ئەرکە نیشتمانییەکان و بەشداریە کارای لە پشتیوانیکردنی سوپا و گەلانی عەرەب لە دەزە چارەنووسسازەکاندا، بەتایبەت دەزی ڕەوای فەلەستین کە تا ئێستاش خاکەکەی ڕوفاتی ٤٤ ئێفسەر و سەربازی عەراقی تێدایە کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی نیشتەجێبوونی زایۆنی لە جەنگی ساڵی ١٩٤٨دا شەهید بوون."

سودانی ئاماژەی بەوە کرد، "حکومەت لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووی کارکردنیدا پێرەش بووە بە بەهێزکردنی تواناکانی هێزە چەکدارەکان لە ڕێگەی دابینکردنی ئەو چەک و کەرەستە پێشکەوتوو و هاوچەرخانەی کە پێویستیانە، جگە لە پەسەندکردنی ستراتیژیی ئاسایشی نیشتمانی عەراق بە ساڵانی ٢٠٢٥-٢٠٣٠."

ڕوونیشیکردەوە، "حکومەت بایەخی داوە بە بابەتی دابینکردنی زەوی نیشتەجێبوونی خزمەتگوزار لە بەغداد و پارێزگاکان، و بەدواداچوون بە ڕێکارەکانی پێویست بە دەرکردنی مۆڵەتی وەبەرهێنان دەکەین بە دابینکردنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار پارچە زەوی نیشتەجێبوونی خزمەتگوزار و ئامادەکراو بە هەموو پێداویستییەکان بە کارمەندانی وەزارەتی بەرگری لە چوارچێوەی شاری نیشتەجێبوونی فورسان لە پارێزگای بەغداد."

وتیشی، "ژمێی دیکتاتێری دامەزراوەی سەربازیی بە جەنگە دەستدرێژکارانەکان و کارە ناداد پەروەرەکان شکەت کرد"، جەختیشی کردەوە کە "سوپای عەراقی قارەمان ئەرکە نیشتمانییە هەمیشییەکانی خۆی ئەنجام دەدات لە بەرگریکردن لە سیستەمی سیاسییان کە لە ئیرادەیەکی گەلێی پێتیەوە سەرچاوەی گرتووە."

هەروەها ئەوەیشی وت، "سوپاکەمان لەگەڵ باقی هێزە ئەمنییەکانمان هەستان بە ڕزگارکردنی خاک لە چەتەکانی داعشی تیرۆریست و بەهێزکردنی سەروەری عەراق و ئازادی گەلەکەی"، وتیشی "بەڵێنمان دا بە گەاندنەوەی سەروەری تەواوی عەراق، و هەنگاومان نا بە کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپێمانی نەودەوەتی و بونیادنانی پێیوەندی هاوبەشی دووقۆڵی هەمەجۆر لەگەڵ وڵاتەکانیدا."

ئاماژەی بەوەش کرد، "کۆتاییهێنان بە کارەکانی نەردەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یەنامی)، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە عەراق ئەمە خاوەن دانپێدانانێکی نەودەوەتی تەواوە بە تواناکانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خێیدا."

هەروەها وتی، "کار دەکەین بە بەهێزکردنی هێزی دەوەت و پێگەکەی لە ڕێگەی پاراستنی ئاسایش و سنووردارکردنی چەک لە دەستی دەوەتدا، وەک جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و هاوتەریب لەگەڵ بانگەوازی مەرجەعیەتی باڵا، و کارمان کردووە بە دابینکردنی مافەکانی خێزانی شەهیدان و

بریندارەکان بەبێ دواکەوتن، کە ئەمە کەمترین ئەرکە بەرامبەر ئەو قوربانیدەرانەی بەرگرییان لە عەراق کرد."

فەرماندەی گشتی وتەکەی بەوە کۆتایی پێ هێنا: "ئەنمایی ئەکانی هێزە چەکدارەکانمان دەکەین کە بە بەئاگا بمێننەوە لەگەڵ ئەو پشێوی و ململانێیانەی ناوچەکەمان بەخێوەو دەبینێت کە پێویستی بە وریایی و چاوکراوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی هەیە."